تیكۆشان، ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران

# سپای پاسداران بەسەر هەموو دامەزراوە دەوڵەتیەكاندا زاڵە

و: بێهرووز

ئەگەرچی تا ئێستا بودجە و پووڵی سپای پاسدارانی رژیمی ئاخوندی ئاشكرا نەبووە، بەڵام حكومەت بە ئیمزاكردنی رێكەوتنێكی چەند میلیون دولاری لەگەڵ سپا لەبەردەم هەواڵنێران دا رایگەیاند هیچ ترسێكی لەو رێكەوتنە نیە، گرێبەستی سێ رێكەوتننامە لەماوەی یەك مانگدا لەگەڵ سپا بە بڕی ٧ میلیارد دولار و بێ ئەنجامدانی هەر رێ وەمەزادێك، دەرخەری ئەو پەڕی هێزی سپای پاسدارانە لە كابینەی ئەحمەدی نەژاد دا. گرینگترین گرێبەست كە بەو شێوەیە واژۆ كرا، رێكەوتنی دامەزراندنی هێڵی لولەی گازی "عەسەلویە ـ ئیرانشار" بوو كە بڕی پارەكەی یەك میلیارد دولار ٣٠٠ میلیونە.

وەزیری نەوتی رژیم لەكاتی واژۆی ئەو رێكەوتنامە لەگەڵ پاسدار رەحیمی سەفەوی، بە هەواڵنێرانی گووت: كە لەو پرۆژە دا تەشریفات ناكرێ و سوپا لە گرتنی ئەو پرۆژەدا هیچ رەقیبێكی نەبووە. ئەو گەڵاڵە قەرارە بە لولەی گازی ناوچەی عەسەلویە لەرێگەی پاكستانەوە بگەینێتە هێندوستان. ئیمزا كردنی ئەو رێكەوتنە بە مانای زاڵ بوونی سوپای پاسدارانی رژیم بەسەر نەوت، گرینگترین بەشی ئابووری ئێرانە. بە پێی راپۆرتەكانی هەواڵنێران، تەواوی وەزارەتەكانی وزە و پرۆژەكانی ئاوەدان كردنەوە و برق ئاوی رۆژئاوای ئێران سپێردراوە بە سوپا. لەرێكەوتنێكی نێوان وەزارەتی وزە و سوپای رژیم، هەموو پرۆژەكانی برق و ئاو و سەد دروستكردن كە لەمەوبەدواوە لەناوچەكانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، كوردستان، كرمانشان، ئیلام، لورستان و خوزستان، بەرێوە دەچێ و بە تەواوی لە ژێر دەستی سوپا دا دەبێ. بە گووتەی جێگری قەرارگای بەناو "خاتەمەلئەنبیا"، ئەو قەرارگایە تا پووشپەری ساڵی ١٣٨٥، ١٢٢٠ پرۆژەی پیشەیی و كانی بەرێوەبردووە و ئێستاش ٢٤٧ پرۆژەی دیكەی لەبەردەستدایە. دامەزراوەی كەوسەران شیركەتێكی دیكە كە سەروە سوپایە. لەكاتی سەرۆكایەتی ئاخوند خاتەمی، بەرێوەبردنی گەڵاڵەی بەربڵاوی رایەڵكەی ئاودێری "ئومێدیەی" خوزستان بەو دامەزراوە سپێردرا. پرۆژەی ئاودێری ناوبراو ٨٨٠٠ دونم لەزەوی ئومێدی دەگرێتەوە. لەخاكەلێوەی ساڵی ١٣٨٥، قەرارگای بەناو "خاتەمەلئەنبیا" مەئموریەتی دروستكردنی ٤ ئەنباری زەخیرەی نەوتی لەجەزیرەی خارك وەئەستۆ گرت. ئەوەی كە زیاتركێشەی ئابووری، بۆ سوپای پاسدارانی رژیم دروستكردووە، نەخشی ئەو ئۆرگانەیە لەبەرێوەبردنی ئیسكلە و فرۆكەخانەی پەیام دا. بۆ یەكەم جار مێهدی كەروبی، رایگەیاند: سوپای پاسداران ٦٠ ئیسكلەی رێگە پێ نەدراوی لەباشووری ئێران دروست كردووە. لەدوای ئەوە عەلی قەنبەری نوێنەری مەجلیسی شەشەمی پێشوو بە ڕاشكاوی گووتی: بەداخەوە یەك سێهەمی هاوردەی ئێران لەرێگەی بازارەكانی غەیرە یاسایی، ئابووری ژێر زەوی و ئیسكلەی رێگە پێ نەدراوەكان ئەنجام ئەدرێ. یەكێكی دیكە لەشوێنەكانی هەڵسوورانی سوپای پاسداران كونترۆڵی فرۆكەخانەی كەرەجە. ئەو فرۆكەخانەیە بە رواڵەت فرۆكەخانەیێكی پۆستیە، بەڵام عەلی یۆنسی وەزیری پێشووی ئیتلاعاتی رژیمی ئاخوندی لەرەشەممەی ١٣٨٣ لەبارەی بارودۆخی ئەو فرۆكەخانەوە وەهای گووت: تەنیا لەساڵی ١٣٨٣، ١٥ میلیارد تمەن شت و مەكی قاچاخ لەفرۆكەخانەی پەیام ئاشكرابوو. خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٤ ساڵێك لەدوای قسەكانی یونسی، سەرۆكی كۆمەڵەی قەزایی بەناو موبارزە لەگەڵ گەندەڵی ئابووری رایگەیاند: پەروەندەی قاچاخی فرۆكەخانەی پەیام تا حەوتوویێكی دیكە بۆ دەركردنی حوكم دەدرێ بە دادستان، بەڵام لەبارەی بەدواداچوونی ئەو پەروەندە ئیتر هیچ زانیارییێك بڵاونەكرایەوە. قسەوباسێكی دیكە لەو بارەوە گرێبەستی بێدووانی رێكەوتنی گەورەی لولەی حەوتەمی گازی عەسەلویە و تەواوكردنی مێترۆی تاران و بەربڵاوكردنی فازەكانی ١٥ و ١٦ی مەیدانی پارسی باشووره كە قەبارەی زۆر گەورەیە. خەتی لولەی حەوتەم قەرارە بە میلیاردێك و ٣٠٠ هەزار دولار، گاز بگەیندرێتە سیستان و بەلوچستان. لەقوناغێكی دیكەدا ئەبێ ئەو خەتتە لەسنوری پاكستانەوە بە خەتی لولەی ئازادی ببەسترێتەوە. قەبارەی رێكەوتنەكان لەئێستا دا گەیشتۆتە نیزیك بە دوو میلیارد و ٥٠٠ میلیون دولار. لایەنی رێكەوتن قەرارگای چاككەرەوەی بە ناو خاتەمەلئەنبیایە. رێكەوتنی پەرەپێدان بە مێترۆی تاران بە شێوەی هاوبەش لەلایەن وەزارەتی نەوت، شیركەتی پەرەپێدان بە مێترۆی تاران بە شێوەی هاوبەش لەلایەن وەزارەتی نەووت، شیركەتی میللی بینا و شیركەتی "قەرب" لەگەڵ مێترۆی تاران بە واژۆ گەیشت. قەبارەی ئەو رێكەوتنە دوو میلیارد و ٤٠٠ میلیون دولارە. شیركەتی میللی




بینا دروستكردن سەروە سوپایە و شیركەتی قەرب، ئی بونیادی موستەزعەفانە.

یەكێكی دیكە لە رێكەوتنەكانی كابینەی پاسدار ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ قەرارگای خاتەمەلئەنبیا رێكەوتنی پەرەدان بە ئیسكلەی بەندەری "بەهەشتی" لە شاری چابەهارە. جێگری وەزیری رێگەوبانی رژیمی ئاخوندی لە خاكەلێوەی ساڵی رابردوو بە هەواڵدەری رژیمی گووت: قەرارگای خاتەمەولئەنبیا بە گرێبەستی رێكەوتنێكی ٣٤١ میلیون دولاری، تەواو كردنی ئەو گەڵاڵەی لەماوەی سێ ساڵ دا وەئەستۆ گرتووە. بەرلەكابینەی پاسدار ئەحمەدی نەژاد، سوپای راگری رژیم لەبڵاوكردنەوەی رۆژنامە و بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی نەخشی نەبووە. لەوەها بارودۆخێكی ئێستا بۆ سوپا، نیشانەی ئەو پەڕی دەسەڵاتیەتی لە ئێران و لەدەوڵەتدا. ئامارگەلێكی جۆراوجۆر لەبارەی هێزی سوپاوە باس كراوە، هێندێك كە سەرقاڵی نفوزكردنە ناو شیعەكانی عێراق و لوبنان و بەحرەیەن و باقی وەڵاتانی دیكەیە. دامەزراوەی ئەمنیەتی جیهانی ژمارەی سوپاییەكانی رژیمی ئاخوندی بە ١٢٥ هەزار كەس بەراورد كردووە.

خامنەیی رێگەی بەسوپا داوە كە لەرێگەی بازەرگانی و داهاتی ئێرانەوە خۆی تەیارتر بكات. سوپاش لەرێگەی وەدەست هێنانی چەكی ئەتۆمی و مووشەكی باڵستیك و پیشەی نیزامی بە هێز دەڕوات. كیم مۆرفی، لێكۆڵەرەوەی رۆژنامەی لوس ئانجلێس تایمز، ساڵی رابردوو لەبابەتێكدا لەژێرناوی (سوپای پاسداران، ئیمپراتورێكی ماڵی) نووسی: سوپای پاسدارانی رژیمی مەلاكان بەرەبەری بۆتە هێزێكی سیاسی و ئابووری ئێران. بە گووتەی لێكۆڵەرەوان ، سوپا بە كونترۆڵ كردنی ١٠٠ شیركەت بۆتە خاوەن ١٢ میلیارد دولار سەرمایە. رژیمی ئاخوندی لەساڵی ١٩٥٩ سوپای پاسدارانی بۆ ڕاگرتنی خۆی پێك هێنا و بە تەواوی زاڵی كرد بە سەر كاروباری ئێران دا. نفوزی سوپا لەكاتی سەرۆكایەتی پاسدار ئەحمەدی نەژاد كە بۆ خۆی پاسدارێك بووە و تەداروكی چەك و چۆڵی بۆ ترۆكردنی نەیارانی رژیمی ئاخوندی بینیوە، پەرەگرتووتر بووە. ١٤ ئەندام لەكابینەی ٢١ نەفەرەی دەوڵەتی پاسدار ئەحمەدی نەژاد، فەرماندەكانی پێشووی سپای پاسدارانن كە ٨٠ كورسیان لە٢٩٠ كورسی مەجلیس تایبەت بە خۆیان كردووە و لەشورای ناوچەیی و شارەوانیەكانیشدا دەسەڵاتی تەواویان پێدراوە. عەلی لاریجانی، ووتووێژكەری پێشووی رژیمی ئاخوندی، ئەندامی كارای سوپای پاسدارانە. لێكۆڵەرەوان دەڵێن: سوپای پاسدارانی رژیم بە یارمەتی و كۆمەگە میلیارد دولارییەكانی وەكوو دڵی ئیدۆلۆژیكی شۆڕشی ئاخوندی، تواناییەكانی خۆی لەزەمینەی تێكدانی ئاسایشی وەڵاتان بە قازانجی خۆی، لەچاوی خەڵك دەشارێتەوە. رابین هیوگز، جێگری سەرنووسەری حەوتوونامەی دیفاعی(جێنز) لەلەندەن گووتی: ئەو پوولانە كە سوپا بە دەستی دەهێنێ، خەرجی دەكات كە ببێتە بە تواناترین هێز. خاڵێكی بە هێز ئەوەیە كە هیچ شتێكی كۆنترۆڵ كەر بۆ چاودێری كرنی كارەكانی سوپا لەئارادانییە. لەدەرەوەی ئێران، پرۆژەی دامەزراندنی هێڵی لولە، رێگەوبان، پرد و پرۆژەی نەوتی و گاز لەئیختیار موهەندیسەینی سوپادایە. شتێك وەكوو شیركەتی موهەندیسی ئەرتەشی وەڵاتە یەكگرتووكان. ئابووری زانێك لەتاران گووتی: ئێمە لە پولێكی زۆر بە بڕی ١٢ تا ١٥ میلیارد دولار لە رێكەوتنەكان دا قسە دەكەین. راستیەكەی ئەوەیە بەشێكی كەم بۆ كەرتی تایبەت دەمێنێتەوە. زۆربەی ئەو شیركەتانە سەروە سوپان. لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی گرێبەستێكیان بە بڕی ٦ میلیارد دولار لەماوەیێكی كورت دا ئاشكرا كرد كە دراوە بە سوپا، شتێك كە نیزیكەی یەك دەیەمی هەناردەی ساڵانەی ئێرانە كە بەشێكی زۆری نەووت پێكی دەهێنێ. بەرهەمی ناخالیسی ساڵیانە لەئێران ٢٠٤ میلیارد دولارە كە دابینگەری بژێوی خەڵك نییە. ماهان عابیدین بەرێوەبەری لێكۆڵینەوەی ناوەندی بەدواداچوونی ترۆریسم لەلەندەن دەڵێ: تەنانەت شیركەت گەلێك كە سوپا بەشی سەربەخۆی تێدا نییە، لەژێر كۆنترۆڵی دان. عابیدینی گووتی: سوپا قەوارەیێكی پێچاوپێچە ، پێوەندییەكانیان بەشاراوەیی دەهێڵنەوە. لەساڵەكانی ١٩٨٠ ئەو هێزە هێزێكی ئیسلامی بووە، بەڵام ئێستا تەنیا لەبیری پووڵ پەیداكردن دایە.

# رژیمی ئێران ئاسایشی ناوچەكەی تێك داوە




ژنرال دیوید پترەیوس، فەرماندەی هێزەكانی فرەنەتەوە لەعێراق رەخنەی توندی رژیمی ئاخوندی گرت و بەهۆی موشەك باران كردنی ناوچەی سەوز هەرەشەی لەرژیم كرد. ناوبراو گووتی: ئەو مووشەكانە كە دهاوێژرێن بۆ ناوچەی سەوز دروستكراوی رژیمی ئێرانن. ئەو چەكدارانەی كەڵك لەو مووشەكانە وەردەگرن، سەروە سوپای قودسن و لەئێران راهێندراون. ئەرتەشی ئەمریكا لەبارەی ئەو موشەكانەوە دەڵێ: كە نیشانەكان دەری دەخەن كە ساڵی ٢٠٠٧ دروست كراون. رۆژنامەی واشینگتۆن تایمز لەبابەتێكدا بە ئاماژە بەو قسانەی پترەیوس، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە ئەو قسانە روونی دەكاتەوە كە بەڵێنەكان پاسدار ئەحمەدی نەژاد لەكاتی سەردانی بۆ عێراق بەڵێن بە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراقی دابوو، بێ بایەخە. لەگەڵ هێرش بۆ سەر ناوچەی سەوزی بەغدا، ترور كردنی شورای ووشیاری لەلایەن پیاوانی رژیمەوە درێژەی هەیە.

دەستێوەردانی رژیمی ئاخوندی تەنیا تایبەت بەعێراق نییە، ئەو دەستێوەردانانە لەباقی وەڵاتانی دیكەش دەبیندرێن. لەو پێوەندییە دا ئایەتووڵڵا سەید محەممەد عەلی حوسێنی سەرۆكی گشتی شورای ئیسلامی عەرەبی لوبنان لەووتووێژێكدا گووتی: لەو كاتەوەی كە رژیمی ئاخوندەكان لەئێران هاتەسەر كار، فیتنە و ئاڵۆزی و شێواوی لەبەحرەین و كووەیت و یەمەن و عەرەبستانی سعوودی و عێراق روو ئەدات. ئەو رژیمە لەلوبنان كاری تێكدەرانە دەكا و ئەو وەڵاتەی كردۆتە مەیدانی رەمبازێنی خۆی. وەلید جونبەلات رێبەری حیزبی سوسیالیستی پێشڕەوی لوبنان لە ووتووێژێكی رادیویدا، رژیمی ئاخوندی و سووریەی بە لەمپەر لەبەرانبەر ئاشتی لەو وەڵاتانە زانی و رەخنەی توندی لێ گرتن. ناوبراو لەگەڵ پشتیوانیكردن لەبەشداری نەكردنی دەوڵەتی لوبنان لەكۆبوونەوەی یەكێتی عەرەب لە دیمەشق گووتی: ئۆپۆزسیونی ئێرانی و سووری لە لوبنان لە موخالەفەتیان لەگەڵ دەوڵەت بوونە لەمپەر لەبەرانبەر وەرێ خستنی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی وەڵات. غازی ئەلعەریزی وەزیری تەبلیغاتی لوبنان بە ئاماژە بە دەستێوەردانی رژیمی ئاخوندی لەو وەڵاتە، لەقسەگەلێكدا كە رۆژی ١١ی خاكەلێوە لەتەلەفیزیونی ئەلعەرەبیە بڵاوبۆوە، گووتی: رژیمی ئێران دەست لەكاروباری لوبنان وەرئەدات و هەوڵ ئەدا نفوزی زیاتر بكاتە شوێنەكانی بڕیار دان لە فەلەستین و لوبنان و سوریە. لەو پێوەندیەدا عەبدولعەزیز بێن سەقر، سەرۆكی ناوەندی لێكۆڵینەوەی كەنداوی فارس لە ووتووێژیكدا لەگەڵ ئەلعەرەبیە گووتی: گومانی تێدا نییە كە هەڵوێستی رژیمی ئێران بۆ هەموان روونە و لەكارتی عەرەبی بۆ ووتووێژ لەگەڵ ئەمریكا كەڵك وەردەگرێ. رژیمی ئێران بە شێوەی بەربڵاو دەخاڵەت لەعێراق دەكات. ئوسامە سەرایا، سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلئەهرامی میسر بە تەلەفیزیونی ئەلعەرەبیەی گووت: وا پێ دەچێ كە دەستێوەردانی رژیمی ئێران لە ناوچەكە دا بۆ هەمووان ئاشكرابووە، كە دەیهەوێ كاریگەری لەسەر هەمووان دابنێ. هەروەها رۆژنامەی (فرانت پێچ مەگەزین)، چاپی ئەمریكا ناردنی مووشەك بە بووردی ٢٠ كیلومیتر لەلایەن رژیمی ئێران بۆ تاقمە بناژۆخوازەكانی فەلەستین هەواڵی دا. فرانت پێچ مەگزین، لەگەڵ ئاماژە بە ووتەی یەكێك لەجێگرەكانی فەرماندەی هێزی هەوایی رژیمی ئێران كە لە مووشەكی یەك تەنی بە ناوی قاسید ناوی بردبوو، دەنووسێ: ئەو بۆمبە چەكێكی تایبەتە كە بۆ پێكانی ئامانجی نیزامی و ئابووری لە قووڵایی زەوی ژێركۆنترۆڵی دژمن گەڵاڵەرێژی كراوە.

***